# پێوەندی نێوان زانستی کەلام و زانستی زمان

**پ. ی. د. هیوا عەساف**
**(زانکۆی سەڵاحەددین، کۆلیژی پەروەردە/ شەقڵاوە)**
**(٢ - ٢)**

**سێیەم: بایەخدان بە لۆجیک**

وەک پێشتر باسکرا تەنیا ئەو بابەتانە دەبن بە بابەتی زانستی کەلام، کە لە نەقڵ و دەقەکاندا یەکلانەکراونەتەوە، ئەوجا بۆ ئەوەی بە لایەکدا بخرێن و ڕاستیی ئەو بەلاداخستنەش پشتڕاست بکرێتەوە، بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە لۆجیک و دەرکەوتەی لۆجیکی دەبەسترێت، واتە لەم زانستەدا لۆجیک (وەک ڕەوشێکی سەلماندن پشتی پێ دەبەسترێت) (هاوژین، ٢٠١٠، ل٢٦).

لەو کاتەی کێشە کەوتووەتە نێوان موسوڵمانەکانەوە و بە جۆری جیاواز ڕاڤەی دەقەکان دەکرا و واتا و مەبەستی دژ بە یەکیان لێ هەڵدەهێنجرا، بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە پەنا بۆ عەقڵ و لۆجیک برا، بۆیە پەنایان بۆ فەلسەفەی یۆنانی برد، بە تایبەتی لۆجیکی ئەرستۆ، لە چارەسەرکردنی زۆر پرسی ئایینیدا پشتیان پێ دەبەست، بە تایبەتی لای گرووپی موعتەزیلەکان (حەمەکەریم، ٢٠١٠، ل١٨- ١٩). ئەوان ((چەکی کارکردنیان دیالۆگ و لۆجیک و پەنابردنەبەر ژیری بووە، دەقە پیرۆزەکان بەلایانەوە، بە تایبەتی لە کاروباری ژیانی ڕۆژانەدا بە پلەی دووەم هاتوون و هەندێک جار خستوویاننە لاوە)) (حەمید، ٢٠١٣، ل٦٢).

زانستی زمان لە چەند ڕوویەکەوە پێوەندی لەگەڵ لۆجیکدا هەیە و سوودی لە لۆجیک وەرگرتووە.

ئەوەی پێوەندیی بە فۆرمی زمانەوە هەبێت، کە کارکردن لەسەر کەرەستە زمانییەکانی وەک (فۆنیم، مۆرفیم، گرێ، ڕستە ...) دەگرێتەوە، زانستی زمان لە دیاریکردنی کەرەستە و یاساکانی ڕۆنانی کەرەستەکاندا بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنەمای پێدراوەکان و بەرئەنجامی لۆجیکی، زانیارییەکان وەک ڕاستی زمانی تۆماردەکات، بۆ نموونە لەسەر بنەمای کارکردنێکی سیستماتیکی، دەنگێک دەخاتە لیستی فۆنیمەکانی زمانێکەوە. دەنگ ئەو کاتە لە زمانێکدا بە فۆنیم دادەنرێت،

کە توانایی گۆڕینی واتای هەبێت و لە ژینگەی جیاوازدا دووبارەببێتەوە. مۆرفۆلۆجی ئەو کاتە یاسایەکی زمانی تۆماردەکات، کە کەرەستەکان وەک ژمارە و هاوکێشەکان لە ماتماتیکدا بە شێوەیەکی سیستماتیکی کاربکەن و دووبارەببنەوە. (ڕستەسازی) ئەو ڕستەیە پەسند ناکات، کە بەپێی پێدراوەکانی کەتوار (واقع) نەتوانرێت ئەزموون بکرێت، بۆ نموونە ڕستەی (کۆرپەکە ریشی سپییە*) ڕەت دەکاتەوە.

ئەوەی پێوەندیی بە واتاوە هەیە، زانستی زمان لە چوارچێوەی چەند تیۆرێکدا لۆجیک دەکات بە بنەمای هەڵهێنجانی واتا لە ڕستە و گوتندا، وەک (دەرکەوتەکان، گریمانە پێشەکییەکان...) لە پراگماتیکدا. لەو تیۆرانەدا پێدراوە زمانییەکان دەبن بە پێوەر و بنەما بۆ سەلماندن و هەڵهێنجانی ئەنجامی تر، بۆ نموونە لە دەرکەوتەی هاریکاریدا کاتێک کەسێک دەپرسێت (نەخۆشەکەتان چۆنە؟)، کەسی دووەم بەوە وەڵامی بداتەوە، کە (چووە بۆ ئاهەنگ)، لێرەدا بەپێی پێدراو (ڕستە)ی دووەم دەبێت (نەخۆشەکە باش بێت، یان چاکبووبێتەوە)، چونکە چوون بۆ ئاهەنگ لەشێکی ساغی دەوێت، یان وشەیەکی وەک (ئاشتبوونەوە)، گریمانەی پێشەکیی (شەڕکردن/ لێکتووڕەبوون)ی تێدایە، وشەی (ئازادبوون) گریمانەی پێشەکیی (بەندکردن)ی تێدایە، لە هەموو ئەم هەڵهێنجانانەشدا پشت بە بنەمای لۆجیکی دەبەسترێت.

**چوارەم: بایەخدان بە لێکۆڵینەوەی واتا**

بێگومان کەلامزانەکان بۆ یەکلاکردنەوەی بۆچوونەکانیان پشتیان بە واتای دەقەکان بەستووە و مەبەستەکانیان لێ هەڵهێنجاوە. لەو کارەشدا پەنایان بۆ کۆمەڵێک بابەتی وا بردووە، کە جێی بایەخی زانستی واتاسازیشە، چونکە ناکۆکییەکان لەسەر واتا و مەبەستی دەقەکان بووە، بۆ یەکلاکردنەوەی ئەمەش، پێویست دەکات شیکردنەوە بۆ ناوەڕۆک (واتا) ی دەقەکان بکرێت. ئەم جۆرە شیکردنەوەیەش دەچێتە سنووری واتاسازییەوە.

زمان دوو ڕەهەندی هەیە، فۆرم و واتا، زانستەکانی (فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکس) لە دیوی دەرەوەی زمان (فۆرم) دەکۆڵنەوە، واتاسازیش لە دیوی ناوەوەی زمان (واتا) دەکۆڵێتەوە. لە واتاسازیدا بایەخ بە نرخی یەکە واتاییەکان (مۆرفیم، وشە، گرێ، ڕستە..) دەدرێت. واتاسازی لە پێوەندیی نێوان بیرۆکە و یەکە واتاییەکان دەکۆڵێتەوە، مەبەستیەتی ئەوە دیاری بکات کە هەر یەکەیەکی واتایی زمان لە بەرانبەر چ بیرۆکەیەکدا دەوەستێت؟ واتە چ مەبەستێک لە یەکە واتاییەکان بارکراوە؟ هەر یەکەیەک لە بەکارهێناندا دەتوانێت چ بیرۆکەیەک بگەیەنێت؟ چەند بیرۆکە بگەیەنێت؟

بەم پێیە هەندێک لە کاری کەلامزانەکان بۆ دیاریکردنی مەبەستی یەکە واتاییەکان لە پێکهاتەی دەقەکە ئایینییەکاندا دەچێتە سنووری واتاسازی (Semantics)یەوە و ئێستایش جێی بایەخی ئەو زانستەیە. لە باسی (مەسەلە کەلامییەکان)دا ئەم پێوەندییە زیاتر دەردەکەوێت.

**پێنجەم: بایەخدان بە یاسا زمانییەکان**

لە ناو موسوڵماناندا پێوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان زانستی کەلام و (فقهـ)دا هەیە، هەندێکیش زانستی کەلام بە جۆرێک لە (فقهـ) دادەنێن و بە (فقه الاکبر) ناوی دەبەن. لەو زانستەشدا گرنگترین سەرچاوەی سەلماندن و بەڵگە، جگە لە قورئان و فەرموودە، یاسا و ڕێساکانی زمانە،

که ڕۆڵی زۆریان لە دیاریکردنی واتای دەقەکاندا هەیە. کەلامزانەکان بۆ دەستخستن و هەڵهێنجان و گەڵاڵەبوونی بۆچوونەکانیان، بێجگە لە عەقڵ و لۆجیک بە ڕادەیەکی زۆر پشتیان بە یاسا زمانییەکان بەستووە. هەر لەناو موسوڵماناندا جێگیربوونی بیروباوەڕ و هەڵهێنجانیان لە دەقەکاندا لەسەر ئەو بنەمایەیە، کە «دەقەکان خۆیان مانا دەبەخشن و بەپێی ڕێساکانی زمانی عەرەبی شایانی تێگەیشتنن»، (هاوژین، ٢٠١٠، ل١١٣). واتە کەلامزانەکان پێویستیی زۆریان بە زانینی وردەکاریی یاساکانی ئەو زمانانە هەیە، کە دەقەکەیان پێ نووسراوەتەوە. بۆ نموونە لە باسی (بوون و نەبوون)دا و لە وەڵامی ئەو پرسیارەی، ئایا (ماهیەت) و (بوون) یەکن، یان جیان؟ وەڵام و ڕای پێچەوانە هەیە. ئەوانەی کە لەو بڕوایەدان ماهیەت و بوون یەک نین، دەڵێن: ئەگەر جیا نەبوونایە لە زماندا نەدەبوون بە (موبەتەدا و خەبەر)، وەک دەوترێ ((الماهیة موجودة))، (حەمەکەریم، ٢٠١٠، ل٢٧).

باسوخواسی یاسا زمانییەکان لە چوارچێوەی یەکلاکردنەوەی بابەتە کەلامییەکاندا، واتای سنوورتێکەڵیی نێوان زانستی کەلام و زانستی زمانە. بنکۆڵکردنی وردەکارییە زمانییەکان لەو نێوەندەدا بۆ خۆی دەبێتە خزمەتکردنی زانستی زمان.

## مەسەلە کەلامییەکان و زانستی زمان

مەسەلە کەلامییەکان لە زانستی کەلامدا زۆرن و کۆمەڵێک بابەتی پێوەندیدار بە مرۆڤ، کەرەستە، زاتی خودا، چەمکگەلی وەک داد، یەکسانی، دەروون. پەرجوو ...تاد دەگرێتەوە، هەندێک لەوانە بابەتی زانستی زمانیشن، لێرەدا هەندێک لەوانە باس دەکەین:

**یەکەم:** دابەشبوونی بوون: کەلامزانەکان لە سەر بابەتی چەمکی (بوون، نەبوون، ماهیەت)ی شتەکان و پێوەندییان بە عەقڵەوە، دەستیان بۆ بابەتێک بردووە، کە لە واتاسازیشدا بۆ ڕوونکردنەوەی پێوەندیی نێوان (ناو و ناولێنراو) ئەو بابەتە وورووژێنراوە. کەلامزانەکان گفتوگۆ و ڕای جیاوازیان لەسەر ئەو بابەتە هەیە. لەسەر دابەشبوونی (بوون) بەسەر بوونی (زەینی و دەرەکی)دا دوو ڕای جیاواز هەیە. هەندێک پێیان وایە (بوون) تەنیا وجوودی دەرەکیی هەیە، هەندێکیش دەڵێن (بوون) چۆن لە دەرەوەی زەیندا هەیە، ئاواش لە ناو زەیندا وجوودی هەیە.

ئەوانەی باوەڕیان وایە، کە (بوون) لە زەیندا نییە، بەوە بەرپەرچی قسەی ئەوانی دی دەدەنەوە، کە ئەگەر وابایە، ئەوە دەبوو لە زەیندا جێگەی گەرما و سەرما و بەرزی و نزمی و ...تاد هەبوایە. لە بەرانبەردا ئەوانی تر پێیان وایە، بوون لە زەیندا هەیە، بەڵام ئەوەی لە وێناکردندا دەچێتە ناو زەینەوە ماهیەتە ڕاستەقینەکەی گەرما و سەرما و بەرزی و نزمی ....ی شتەکان نییە، بەڵکوو وێنە و ئەو دیمەنە زەینییانەیە، کە وەک سێبەری شتەکانی دەرەوەی زەین و وێنەی سەر کاغەز کێشراون (حەمەکەریم، ٢٠١٠، ل٣٤).

لە تیۆری هۆشەکی (وێنەی هۆشەکی)ی واتاسازیشدا، کە سەرەتاکەی بۆ فەیلەسووفی ئینگلیزی (جۆن لۆک) دەگەڕێتەوە، سروشتی ئەوەی لە مێشکدایە بە (چەمک، وێنە) دادەنرێت، کە لە بەرانبەر خودی شتەکان لە کەتواردا دەوەستێت و بە شریتێکی دەنگی (کەرەستەی زمانی) گوزارشتی لێ دەکرێت. ئەو وێنە و چەمکە خودی واتای شریتە دەنگییەکەیە. بە ڕای کەلامزانەکان (بوون) لە

زەینـدا، ئەگەرچـی سـێبەری بوونـی حەقیقیـی دەرەوەیــە، بــەڵام بەهــۆی وێنــە زەینییەکەیــەوە پێوەندییەکــەی لەگــەڵ بوونــی دەرەکــی (ناولێنــراو) بــە ڕاســتەوخۆ دادەنرێــت، هەمــان ئـەم ڕایـەش لـە تیـۆری (ئامـاژە) لـەلای (ئۆگدن و ریچـاردس) دووپـات کراوەتـەوە، کـە لـە خـوارەوە ڕوونــی دەکەینــەوە.


لای کەلامزانــەکان پێوەنـدی ناڕاســتەوخۆی بــوون لـە دوو ڕووەوەیـە:

**ا- بــوون لــە وشــەدا:** وشـە دەنگـی هەیـە، ئـەو دەنگـە هێمایـە بـۆ ناوێـک کـە لـە زەینـدا بوونێکـی چەمکدار دروسـت دەکات، کـە دەبێتـە وێنەیەکـی زەینـی، نیشـاندەری حەقیقەتـی دەرەوەی زەینـە. لێـرەدا بوونەکـە لـە دەنگـی وشـەکەدا دەچێتـەوە سـەر وێنـە زەینییەکـە، ئەوجـا پێوەنـدی بـە حەقیقەتـی شـتەکەوە دەکات (حەمەکەریـم، ٢٠١٠، ل٣٩).

ئــەوەی بــاس کــرا ڕای کەلامزانەکانــە لەســەر سروشـتی پێوەنـدی نێـوان (تـەن) و (بیـر) لـە لایـەک و پێوەنـدی نێـوان (نـاو و تـەن/ ناولێنـراو) لەلایەکــی تــرەوە، کــە بەتــەواوی بابەتێکــی فەلســەفی، پاشــان زمانەوانــی و بەتایبەتیتــر ســیمانتیکییە.

لــە ســیمانتیکدا زۆر لــە تیــۆرەکان بابەتــی پێوەنـدی نێـوان (نـاو/ هێمـا، ناولێنـراو/ تـەن، بیر/ واتا)یـان بـە شـێوەی جیاواز ناسـاندووە، بـۆ نموونـە لـە چوارچێـوەی تیۆری (ناولێنـان/ ئاماژە- Theory of meaning naming)، کـە تیۆرێکـی لێکدانــەوەی واتایــە، بــاس کــراوە. ســەرەتای ئــەم تیــۆرە و بابەتــی پێوەندیــی نێــوان (نــاو/ هێمـا/ وشـە) و (تـەن/ ناولێنـراو) بـۆ ئەفلاتـوون دەگەڕێتـەوە، پاشـان لای سۆسـێر و دواتریش لای (ئۆگـدن و ریچـاردس ـ لـە سـاڵی ١٩٢٣) پـەرەی پــێ دراوە (عەبدولواحیــد، ٢٠١٠، ل٥٥-٥٦).

(ئۆگـدن و ریچـاردس) بەرگێکـی زانسـتییان بـە بـەر بابەتەکـەدا کـردووە و پێوەندییەکەیـان بـە سێگۆشـەیەک نوانـدووە، کـە بـەم جۆرەیـە (ف.ر. بالمـر، ١٩٩٥، ص٤٦):




هێمایەکـە (وشـە)ی زمانییـە، تـەن (ئاماژەپێکراو) ئـەو شـتەیە لـە جیهانـی هەسـتپێکراودایە، بیـر وێناکردنـە، واتـە پێوەندیـی ڕاسـتەوخۆ لەنێـوان هێمـا و هێمابۆکـراو (تـەن)دا نییـە، بەڵکـوو لـە ڕێگـەی بیـرەوە پێوەنـدی دەبەسـتن.

بـەم پێیـە (ئۆگـدن و ریچـاردس) هەمـان قسـەی کەلامزانـەکان دەکـەن، کـە پێوەندیـی نێـوان هێمـا و تـەن ناڕاسـتەوخۆیە. (هێمـا/ نـاو) لـە ڕێگـەی (بیـر) بـە (تەن)ـەوە دەبەسـترێت. (هێمـا) و (تـەن) پێوەندییەکـی هۆیـی ڕاسـتەوخۆیان هەیـە، وەک ئـەو پێوەندییـەی لەنێـوان وشـەی (دار) و (چەمکـی دار) و (خـودی دار)دا هەیـە. (خـودی دار) هـۆکارە بـۆ دروسـتبوونی (چەمـک و وێنـەی دار) لـە بیـردا، (وشـەی دار) لەخـۆوە بـە (چەمکی دار)ـەوە بەسـتراوەتەوە. لەمەشـدا دیـار نییـە (ئۆگـدن و ریچـاردس)، یـان ئەفلاتـوون سـوودیان لـە کەلامزانـەکان وەرگرتـووە. دەشـکرێ کەلامزانـەکان سـوودیان لـە ئەفلاتـوون وەرگرتبێـت.

ب- بوون لە ڕێنووسـی وشـەدا: بەپێی زانسـتی کەلام ((بوونـی نووسـینی وشـە نەقشـێکە بـۆ ئـەو دەنگە، کە دەلالەتـی لەسـەر دەکات، ئەویـش دەلالەتـە لەسـەر کەسـێک، یـان شـتێک ... بوونـی نەقشـەکە دەچێتـە

سەر دەنگی وشەکە و لەویشەوە دەچێتە سەر وێنە زەینییەکە، ئەوجا پێوەندی بە حەقیقەتی شتە دەرەکییەکەوە دەکات))، (حەمەکەریم، ٢٠١٠، ل٣٩).
بەم پێیە ئەگەر هێڵکارییەکە بۆ پێوەندییەکەیان بکەین، پێوەندییەکە بەم جۆرە دەردەکەوێت:

نووسینی (دار) ← مۆرفی وشەی [دار] ← وێنەی دار لە مێشکدا ← خودی دار

ئەمەش بەتەواوی بابەتێکی زمانەوانی و واتاسازییە، چونکە ئەو زانستەش جۆری پێوەندیی نێوان ئەو چەمکانە بە هەمان شێوە ڕوون دەکاتەوە. لە واتاسازیدا وشە بە (هێما) ناودەبرێت، کە ((چەند دەنگێکە، شتێک دەنوێنن، کە خۆیان نین و ... بەرانبەر بە تەن، ڕووداو، شت، کەس دەوەستن))، (عەبدولواحید، ٢٠٠٩، ل٢٢). هێماش ڕێککەوتنی خەڵکی لەسەرە و لە مێشکدایە. نووسینیش هێمایە بۆ وشە (گوتن)، بۆیە ((نووسین دوو جار دوورکەوتنەوەیە لە ڕاستییە ڕووداوەکان (واقیع)، چونکە ڕەمزە بۆ ڕەمزی تر(گوتن)))، (محمد، ٢٠١١، ٢٢١).

**دووەم: بەشەکانی چییەتی:** یەکێکە لە مەسەلە و کێشە کەلامییەکان. لە زانستی کەلامدا «چییەتی چەمکێکی گشتی و هەمەکییە، هەمەکی و هەندەکی جیاوازییان ئەوەیە. کە هەمەکی لە ژێریدا فرەیی هەیە»، (هاوژین، ٢٠١٠، ل١٣٦). بەمەش دەگوترێت (جیاگەری-التمایز)، کە ((دەرهێنان و دیاریکردنی هەمەکێکە/ بەشێکە لە هەمەکێکی گشتیتر، بۆ نموونە (زیندەوەر) هەمەکێکی فراوانە، ئەو هەمەکانەی، کە لە خوار خۆیەوە هەن و بەشێکن لەو دەگرێتەوە، وەک مرۆڤ و گیانلەبەرانی دیکە))، (حەمەکەریم، ٢٠١٠، ل٥٥). ئەم بابەتەش بووە بە بابەتێکی واتاسازی لە زمانەوانیدا، کە پێی دەگوترێت (داپۆشین- گرتنەوە - هایپۆنیم) و یەکێکە لە بابەتەکانی (پێوەندییە واتاییەکانی وشە) و جۆرێکە لە پێوەندیی ستوونی. داپۆشین بریتییە لە پێوەندیی نێوان وشەیەک، یان زاراوەی گشتی، کە واتاکەی فراوانە و کۆمەڵێک وشە، یان زاراوەی تایبەت لەخۆدەگرێت و دەیانگرێتەوە، بۆ نموونە وشەی (گوڵ) هەموو وشەکانی (مێخەک، یاسەمین، حاجیلە ...) دادەپۆشێت. لێرەدا (گوڵ) وشەی گشتیی داپۆشەرە، وشەکانی تر زاراوەی تایبەتن و پێکەوە لەژێر ناوی زاراوەی گشتیدا پۆلێک دروست دەکەن، ئەمەش هەمان ئەو (هەمەکی) و (هەندەکی)یەی زانستی کەلامە، کە سەدان ساڵە لە چوارچێوەی دیاریکردنی چییەتی و بەشەکانیدا بووە بە بابەتی لێکۆڵینەوە.

**سێیەم: بەشەکانی بەرانبەر بوون (التقابل):** لە زانستی کەلامدا و لە کاتی سۆراغی حەقیقەتدا، کاتێک دوو بیرۆکە بەرانبەر یەک دەکرێن، بابەتێکی تر دەبێت بە کەرەستەی لێکۆڵینەوە و مشتومڕی نێوان کەلامزانەکان، ئەویش بەیەکگرتن و بەرانبەرکردنی زاراوە و چەمکەکانیانە، کە بە زاراوەی واتاسازی دەتوانرێت بە پێوەندیی واتایی وشەکان ناوببرێت. یەکێک لەو پێوەندییانە پێی دەگوترێت (التناقض - پێچەوانە - ناکۆک)، کە بەپێی ناوەڕۆکەکەی دەچێتە سنووری جۆرێکی (دژواتا)ـەوە، ئەگەرچی لە زمانی عەرەبیدا بۆ چەمکی دژواتا زاراوەی (مضاد) بەکاردەهێنرێت. لە زانستی کەلامدا پێوەندییەکە بەم جۆرەیە: ئەگەر دوو شت لە چییەتیدا جیاوازبوون، دوو ئەگەر هەیە؛ یان دەشێت پێکەوە لە یەک شوێندا کۆببنەوە، یان ناشێت. ئەگەر شیا، ئەو دووانە جیاوازن، ئەگەر نەشیا ئەوە ئەو دووانە بەرانبەرن، کە بەرانبەربوون لەم بەشانە پێک دێت: یان دوو شتەکە وەک ئەرێ و نەرێ

بەرانبەرن، کە ئەمە پێی دەگوترێت (تناقض)، کە پێکەوە کۆنابنەوە و پێکیشەوە لاناچن، یان وەک دژیەکی بەرانبەرن.. لە (تناقض)دا بوونی یەکیان، واتە هەڵوەشانەوە و نەبوونی ئەوی تر، واتە ئەگەری سێیەم نییە، بوونی (هاوبەشی خودا) پێچەوانەی (خودا)یە و پێکەوە نایەن، بەڵام لە دژیەکی بەرانبەریدا ئەگەری سێیەم هەیە، بۆ نموونە (ڕەش و سپی) پێوەندیی (تناقض)یان نییە، چونکە شتێک ئەگەر ڕەش نەبێت، مەرج نییە سپی بێت، دەشێت سوور بێت (هاوژین، ٢٠١٠، ل١٣٧).

لە زانستی زماندا و بەتایبەتی لە واتاسازیدا ئەو دوو جۆرە پێوەندییە لە دوو جۆری (دژواتا) دا باس دەکرێت. جۆری پێوەندیی یەکەم (دژواتای تەواو، یان تەواوکەری) دەیگرێتەخۆ، چونکە لەم جۆرە دژواتایەدا هەریەک لە وشەکان جەمسەرێک دەگرن هیچ پلەیەک لە نێوانیاندا نییە، بۆیە نەرێکردنی یەکێکیان دەبێتە دانانی ئەوی تریاندا، وەک: کوڕ: کچ. زیندوو: مردوو ...تاد، واتە کاتێک دەگوترێت (منداڵەکە کوڕە)، واتە (کچ نییە) و ئەگەری سێیەم لەئارادا نییە. هەرچی جۆری دووەمی پێوەندییەکەیە، کە لە زانستی کەلامدا بە دژیەکی بەرانبەری ناودەبرێت، هەمان مامەڵەی (دژواتای ناتەواو، یان پلەدار)ـە، چونکە لەم جۆرە دژواتایەدا وشە دژەکان جەمسەر ناگرن، بەڵکوو دەکرێت لە نێوانیاندا چەندان پلەی تر هەبێت، بۆیە نەرێکردنی یەکێکیان واتای دانانی ئەوی تریاندا، وەک: سارد: گەرم، شیرین: تاڵ ...تاد، بۆ نموونە ئەگەر ئاوێک (سارد) نەبێت، مەرج نییە، (گەرم) بێت، دەشێت (فێنک)، یان (شیرتێن) بێت.

هەر لە زانستی کەلامدا جۆرێکی دی لە پێوەندیی بەرانبەربوون (هاوسایی) پێ دەگوترێت (التضايف)، بۆ نموونە کەسێک ناتوانێت لە یەک کاتدا باوک و کوڕی هەمانی کەسی دیکە بێت، (هاوژین، ٢٠١٠، ل١٣٧). ئەم جۆرە پێوەندییەش لە واتاسازی لە باسی (پێوەندییە ئاسۆیییەکانی وشە)دا جێی بایەخە. واتاسازی هەژموون و حوکمی وشەکان بۆ هەڵبژاردنی وشەی دی لە ڕۆنانی گەورەتدا بە (کۆتی هەڵبژاردن) ناودەبات، دەرچوون لەو کۆتە لادانە لە (کۆتی هەڵبژاردن). جۆرێکی لادان بە (نەگونجان) ناودەبرێت، کە «بەرزترین پلەی بەیەکدادانی واتاییە، چونکە بە زەحمەت گوێگر پێوەندیی واتایی بۆ دەدۆزرێتەوە، وەک: دایکی کچەکە شووی نەکردووە؟»، (عەبدولواحید، ٢٠١٠، ل١٢٧). واتە کەسێک ئەگەر (دایک) بێت، ناکرێت شووی نەکردبێت و ڕستەکە نالۆجیکی و ناواقعییە، بۆیە دەگوترێت پێکدادانی واتایی تێدایە، چونکە (دایک) و (شوونەکردن) پێکەوە نەگونجاون.

**چوارەم: پەیدابوونی زمان**

بابەتی پەیدابوونی زمان یەکێکە لەو بابەتانەی، مشتومڕی زۆری لەسەرە و لە کۆنەوە قسەی لەسەر کراوە. کۆمەڵێک تیۆریش بە شێوەی جیاواز بابەتەکە ڕوون دەکەنەوە، وەک تیۆری (دەنگە سروشتییەکان، بزاوتن، غەریزی ...). بەگشتی تیۆرەکان بەسەر دوو بۆچوونی سەرەکیدا دابەش دەبن؛ (هەندێکیان پێیان وایە زمان لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤدا هەبووە، یان بەخششێکی خواییە، هەندێکیان لەگەڵ ئەوەدان مرۆڤ زمانی بەرهەم هێناوە).

ئەم بابەتە لە ناو موسوڵمانەکانیشدا بووەتە جێی مشتومڕ و وەک مەسەلەیەکی کەلامی قسەی لەسەر کراوە، بەڵام سەرەنجام مشتومڕەکە بووە بە بابەتێکی زمانەوانی. لە ناو موسوڵماناندا باوەڕ وایە، مرۆڤایەتی لە یەک کەسەوە

سەرچاوەی گرتووە، کە (ئادەم)ـە، ئەو کەسەش بە بۆچوونی هەندێکیان خاوەنی زمان بووە و خودا وەک بەخششێک پێی داوە. موسڵمانەکان بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم تیۆرە ئایەتی ((وعلم ادم الاسماء كلها)) بە بەڵگە دەهێننەوە و دەڵێن مەبەست لە (هەموو ناوەکان)، زمانە. (ئیبن فارس) لە کتێبی (الصاحبي) پشتگیریی ئەم بۆچوونە دەکات و بەم جۆرە لە دەقی ئەو ئایەتە دەڕوانێت، بەڵام لە بەرانبەردا (ئیبن جونەی) لە کتێبی (الخصائص)دا دان بەو شیکردنەوەیەدا نانێت و پێی وایە دەکرێت مەبەست لە (علم) بریتی بێت لە (اقدر ادم علی ..) مەبەست پێدانی (توانایی ناونان)ـە، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە زمان لەسەر بنەمای توانایی خودی مرۆڤ بەرهەم هاتووە، نەک تایبەتمەندییەکی زگماکی بێت. (ئیبن جونەی) زیاتر لەو بارەوە دەدوێت و پێی وایە زمان بە لاساییکردنەوەی دەنگە سروشتییەکان پەیدابووە.

هەروەها ئەم بابەتە یەکێک لە مەسەلە کەلامییەکانی لای جووەکانیش بووە، بۆ نموونە لە ڕێبازی (ئەلفەیومی)دا بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە زمان ڕێککەوتنە و بەخششێکی ئامادەکراو نییە، (یحیی، ٢٠١٥، ص٧٧).

**پێنجەم: چییەتی دەنگ:** کەلامزانەکان فەیلەسووف ئاسا پرسیاریان لە سەر زۆر شتی دەوروبەریان داناوە و ویستوویانە چییەتی و ماهییەتیان ڕوون بکەنەوە، وەک تەن، کات، ئاگر، تیشک ...تاد. یەکێکی دی لەو شتانەی لێی دواون، دەنگە. کەلامزانەکان زیاتر لە فیزیای دەنگ دواون و باس لە چۆنیەتی و هۆکاری دروستبوونی دەنگ دەکەن، ئەمەش یەکێکە لە بابەتەکانی لێکۆڵینەوە لە فۆنەتیکدا، چونکە دەنگ لەگەڵ واتادا پێکهێنەری زمانن، هەرچەندە ڕای جیاواز لە نێوان کەلامزانەکان سەبارەت بە دروستبوونی دەنگ و هەندێک سیفەتی دەنگ هەیە، هەندێک جار ڕای هەڵەشیان هەیە (بۆ نموونە هەندێک باوەڕیان وابووە دەنگ لە دەرەوەی گوێدا بوونی نییە، یان لە کاتی دەنگدانەوەدا کاتێک دەنگ بەر بەربەستێک بکەوێت، دەنگی یەکەم نامێنێت و دەنگێکی تر لە شێوەی دەنگی یەکەم دروست دەبێت، کە ڕاستییەکەی ئەوەیە، هەمان دەنگ دەگەڕێتەوە)، بەڵام جگە لەوەی لە بڕگە و بزوێن و نەبزوێن و سیماکانی دەنگ دواون، بەگشتی درکیان بەوە کردووە، کە هۆکاری سەرەکیی دروستبوونی دەنگ بەیەکدادان و هەڵکەندنە، لەوانیشەوە شەپۆل دروست دەبێت و دەگات بە گوێ، هەروەها هەوا دەنگ دەگوێزێتەوە، گواستنەوەی دەنگ کاتی پێویستە، (بڕوانە: حەمەکەریم، ٢٠١٠، ل١٩١- ١٩٨). ئەم زانیارییانەش لە فیزیا و فۆنەتیکی فیزیکیدا پشتڕاست کراونەتەوە.

## پوختە

کەلام وشەیەکی عەرەبییە، بە واتای (قسە) دێت، زانستی کەلام زانستی لێکۆڵینەوەیە لە دەقی پیرۆز، لەسەر بنەمای عەقڵ و سەلماندن، بە ئامانجی داکۆکیکردن لە بیروباوەڕە ئایینییەکان. بەر لە ئیسلام ئەم مۆدێلە لە کارکردن لای کریستیانەکان لە پرسە لاهوتییەکاندا پەیڕەوکراوە. میتۆدی کارکردنی زانستی کەلام و هەندێک لە بابەتەکانی، لەگەڵ زمانەوانیدا هاوبەشە. هەردوو زانستەکە سوودیان لە فەلسەفە وەرگرتووە و بنەمای عەقڵی و لۆجیکی لە ساغکردنەوەی بابەتەکاندا بەکاردەهێنن. هەردووکیان پشت بە شیکردنەوەی دەق دەبەستن، بەڵام زانستی کەلام دەقی پیرۆز دەکات بە کەرەستەی خۆی، لەمەدا زمانەوانی لێی جیاوازە، چونکە هەموو جۆرە

**دەقێک شی دەکاتەوە. هەندێک لەو بابەتانەی بۆ زانستی کەلام بوونە بە بابەتی لێکۆڵینەوە و هەوڵی ساغکردنەوەیان دراوە و بە (مەسەلە کەلامییەکان) ناودەبرێن، لە هەمان کاتدا بابەتی لێکۆڵینەوەی واتاسازین لە سنووری زاستی زماندا.**

**سەرچاوەکان:**


- تاڵیب حوسێن عەلی، واتاسازی، (٢٠١١). چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- حەمەکەریم هەورامی، (٢٠١٣). زانستی کەلام (فەلسەفە، واچەکان، لاهووت)، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- حەمید عەزیز، (٢٠١٣). فەلسەفەی زانستی کەلام، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی، هەولێر.
- ڕەمەزان حەمەدەمین (ئامادەکردن و وەرگێڕان) (٢٠١٧). زانستی کەلام و موعتەزیلە، چاپی یەکەم. چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.
- عەبدولواحید موشیر دزەیی، (٢٠٠٩). واتاسازی، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی، چاپخانەی خانی، هەولێر.
- عەبدولواحید موشیر دزەیی، (٢٠١٠). واتاسازی وشە و ڕستە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- عومەر عەبدولعەزیز، (٢٠١٨)، کەلام و فەلسەفە لە دید و ئەندیشەی مامۆستا ناسری سوبحانیدا، و: عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد ئەحمەدئاوایی، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
- محمد معروف فتاح، (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، ئەکادیمیای کوردستان، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- محەمەد وەسمان، (٢٠١٣)، فەلسەفەی سۆفیگەری، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- هاوژینی مەلا ئەمین، (٢٠١٠)، دەروازیەک بۆ ئاشنابوون بە زانستی کەلام، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی، هەولێر.
- ف.ر.بالمر، (١٩٩٥)، علم الدلالة، ت، صبري ابهيم السيد، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، مصر.
- فيصل بدير عون، (١٩٧٧)، علم الكلام ومدارسه، دار الثقافة، القاهرة.
- محمد مجتهد شبستري، (٢٠٠٠)، مدخل الى علم الكلام الجديد، دار الهادي، بيروت، لبنان.
- يحيى ذكري، (٢٠١٥)، علم الكلام اليهودي، الدار المصرية اللبنانية، الطبعة الثانية، القاهرة.